هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٥١) لە ٢٠٢٠/٥/٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لە پێناوی سووککردنی بار و گوزەرانی ئەوانەی بە هۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا زیانمەند بوون، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٧) لە ٢٠٢٠/٥/٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون لە کرێی کرێچی موڵکەکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی بازرگانی یان پیشەسازی یان کشتوکاڵی یان هەر مەبەستێکی دیکە، بۆ ئەو ماوەیەی کە نەیتوانیووە بە شێوەی ئاسایی بەکاری بهێنێت بەهۆی داخستن بەپێی ڕێکارەکانی خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا یان قەدەغەی هاتووچۆ.

٢. بەخشینی هاووڵاتییان لە دواکەوتنی پێبژاردن کە کەوتووەتە ئەستۆیان لە ئەنجامی پابەندنەبوونی یاساییان بەرامبەر بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم، ئەگەر وادەی پابەندبوونەکەیان کەوتبێتە ئەو ماوەیەی کە بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆی تێدا دراوە، وەک ڕێکاری خۆپارێزیی.

٣. دواخستنی وەرگرتنەوەی بڕی گوژمەی سەر هاووڵاتییان بۆ بەرژەوەندیی دامەزراوە حکومی و شارەوانییەکان لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ بە بێ ئەژمارکردنی هیچ سوود و پێبژاردنێکی دواکەوتن بۆ ئەو ماوەیە.

٤. لەسەر وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێویستە ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتە بەر بەرامبەر بە کرێچی موڵکەکانی ئەوقاف لەژێر ڕۆشنایی بڕگەکانی ئەم بڕیارەدا.

٥. بڕی (١٥٪) لە سەدا پازدە دادەشکێندرێت لەو بڕە پارەیەی کە کرێچی دەیدات لە کرێی ئاو و کارەبا کە دەکەوێتە ئەستۆی قەرزدار پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە، ئەم داشکاندنە بەردەوام دەبێت تاکو ٢٠٢٠/٦/١٥.

٦. پێویستە لەسەر فەرمانگەکانی باج ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ و ماوەکانی داخستنی شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و پیشە تایبەتەکان و هەروەها چالاکییەکانی دیکە کە دەکەونە ژێر باری باجی داهات، هەژمار نەکەن وەك ماوەی چالاکی بۆ بەدەستهێنانی داهات کە دەکەونە ژێرباری وەرگرتنی باج بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٧. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران